کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-12-2007 18:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕۆژمێری نێکی ڕۆژهەڵاتی ... بەندی عەلی



-1-
هەموو شەوێ
بێ پرسە گورگانێیەکیش
بەپەنجە نەوسنەکانی زەوق
وەک تویکڵی لالەنگیەک
جلەکانت دائەماڵێ و
بەتەوسەوە، دانەدانەی
قاشەکانی لەشت ئەخوا
کەتێریش بوو
ناوکە ووشکەکانی روحت
تووڕ ئەداتە
نێو کیسە خۆڵەکەی ئەمڕۆ
پاشماوەیەک لەلەزەتیش
ئەگەر مابوو
لەنایلۆنی سیلۆفینی
ئەپێچێت و
ئەیخنێتە سەللاجەکەی
خەیاڵیەوە.. بۆ سبەینێ
ئەوجا بەکەمالی ڕاحەت
جگەرەیەکی
سەرکەوتنی بۆ ئەکێشێ و
ئەوەی تەنیاش
لەتەم تومانی دوکەڵا
نەغرۆ ئەبێ
ئازارەکانی تۆی ژنە
-2-
هەموو کاتێ
واهەست ئەکەی
تۆ پلە دووی
لەپیاسە بێ تامەکانی
ئێوارانا
کەبۆ دیکۆر پەلت ئەگرێ
پێ دزەیەک دوورە لێت و
گوێی لەچرپەی دڵت نیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەڵێی بوکە بەبارانێی
بەدەستیەوە
لاشەیەکی جەستە زیندووی
بەروح مردوو
ئەو بەتەنیا، پەیکەرە پیاو
تۆش بەتەنیا، سێبەرە ژن
وەختی دوان و گفتوگۆش
بەقولاپی داب و نەریت
ڕاوی ماسیە سوورەکانی
دەنگت ئەکاو
ئەو هەمیشە
پیاوێک لەدەنگ
تۆش بەتەنیا
ژنێک لەگوێ

-3-
لەسەرەتاکانی بوونەوە
شەرم زادەی
لەدایک بووی
لەگەڵ شەرما
دارەدارەی پێ گرتنت
هەر بەشەرمەوە پێ ئەکراو
کاتێ زمانیشت پژا
شەونمی شەرمی لێ تکا
لەو ڕۆژەوەی باخی سنگت
دوو بەهێی گرت
شەرم هەر چوار دەوری گرتی و
پشت چەماوەو چاو لەزەوی
وەکو جورمێکت کردبێ
کەشوشت کرد
هەر لەشەرما
تارایەکیان دابەسەرتا
وەک گوناهێ بشارنەوە
یەکەم شەوی بوکێنیشت
پەڕۆیەکیان بۆداخستی
تالەئابڕووی
سووری شەرمت دڵنیا بن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وای پێ دەچێت دوامەتافیش
وەک زەردەپەڕ
لەگەڵ شەرما ئاوا ببیت
-4-
ئەی ژنی هەمیشە پاییز
ئەی درەختی هەمیشە ڕووت
لەئاوێنەی چاوی پیاوا.. !!
ئەو پیاوانەی
کەشەریکی ڕەشەبان و
لەووشکە وەرزی هەمیشە
هەڵوەرینا
گەڵای زەردی ڕۆژەکانی
تەمەنت لێ ئەکەنەوە
ئەشیانەوێ گوڵیش بگری و
بەریش بگری و
بۆ هەمیشە ڕووتەڵیش بێ
ئەڵێن گوایە
ئەمەش فەرماییشی خوایە
خوایەک لەودیو
یاڵەکانی سروشتەوە
کلیلەکانە بەهەشت و
دۆزەخ ئەدات
خوایەک لەتۆفانی لەزەت
خوایەک لەترۆپکی ڕەهایی
خوایەک لەپیاو
پیاوێک لەخوا
-5-
شەوی دوێنێ خەوێکم دی
لەو خەوەدا
بەزۆرینەی دەنگەکانی
پەرلەمانی فریشتەکان
هەڵبژێردرام
بۆ پۆستە چۆڵەکەی خودا
هەر ئەو شەوەش، قەرارم دا
دەزووەکانی
نێوان پەنجەکانی خۆم و
بوکە شوشەکانی زەوی
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بپچڕێنم
تاکو، ئەگەر
لەدەنگدانی داهاتووا
کەسێکی تر
شتێکی تر.. بوو بەخودا
توانای نەبێ
یاری بەجوگرافیای لەش و
تەرازووەکەی بەخت بکا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.